# "ئەوان" لەودیو بۆ هەلپیچانی حوکمی ئیسلامی هاتونەتە مەیدان، "ئەمان" لەم دیو بۆ پەلکیشکردنی حوکمی ئیسلامی کەوتونەتە سەوداوە!

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



لەنیوان "ئەوان" و "ئەمان"دا حوکمی ئیسلام مەسەلەیەکی سەرەکی‌یە.

خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران چەند هەفتەیە بۆئامانجی هەلپیچانی دەسەلاتی خواو حوکمی ئیسلامی و شەریعەتی مەلاکان هاتونەتە مەیدانەوە و لەگەل هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئیراندا لەرووبەرووبوونەوەدان. لاوان وژنان، کریکاران و خەلکی ئازادیخوازی شارەکانی سنە و مهاباد، سەقز و پیرانشەهر وشنۆ وبۆکان وچەندین جیگای تر، بەبەستنی شەقامەکان و بەری خستنی خوپیشاندان و مانگرتن تا ئاگرکردنەوە و ریکخستنی کۆبوونەوەی جەماوەری.. بۆ خواستی ئازادی زیندانیانی سیاسی و چوونەدەرەوەی دەستبەجی‌ی هیزە سەکوتگەرەکانی رژیم بزوتنەوەیەکی مەزنی شورشگیرانەیان بەخۆووە گرتووە. بەلام ئەمە تەنها کورانیکی شورشگیرانەیە، لەبزوتنەوەیەکی سیاسی سەراسەری کەبۆهەلپیچانی گشت دەسەلاتی ئیسلامی لەئیراندا خوی خستۆتەرێ. ئەوەتا جۆش و خرۆشی ئەم بزوتنەوەیە لەشارەکانی کوردستان هاوکاتە لەگەل خەباتی کریکارنی کارگەی"خودرەو" وریپیوانی کریکارانی کارگەی"نەسیجی کاشان" و چەندین کارگە و شوینی تر لەتاران وشارەکانی تری ئیرانداوئەمانە هەموویان بوونەتە ئەلقە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم بزوتنەوەیە. ئەمە ئیتر بەشیکە لەبزوتنەوەی سەرنگونخوازی خەلکی ئیران کەبۆ هەلپیچان ولەگۆرنانی سەرتاپای دەسەلاتی ئیسلام لەئیراندا خۆی نمایشدەکات وماوەیەکیشە وەك پەڵەهەوریك بەئاسمانی ئیراندا کەوتۆتە گەشت و گوزارەوە. ئەمە سەرەتاکانی شورش و بزوتنەوەیەکی شورشگیرانەی خەلکی ئیرانە کە شارەکانی کوردستان تیایدا بوونەتە مەیدانیك لەم بزوتنەوەیە و خەلکەکەشی بونەتە هیزی شۆرشگیرانەی.. بەم جۆرە حوکمی ئیسلام لەودیو، یانی لای خەلکی کوردستانی ئیران ئەو نیشانەیەیە کە تیابردن و رووخاندنی ئامانجیکە بۆگەیشتن بەئازادی و سەرفرازی و لەگۆرنانی ئیستبدادی ئیسلامی و برسیتی و بیکاری و هەموو بەلاو موسیبەتەکانی کۆمەلگای ئیران کە ئەم حکومەتە سەرچاوەو پاریزەریەتی.

بەلام لەم دیو چی؟ لیرە لەکوردستانی عیراق "ئەمان" چی‌دەکەن؟

لیرە هەلویست لەئیسلام و مەلاو خوا و مزگەوت یەك دەستی نی‌یە و لەدووبەرەی جیاوازدا خوی نیشان دەدات:

یەکەمیان ئەوە خەلکی کوردستانە کەئەگەرچی لەشارەکانی سلیمانی و هەولیرو کەرکوك و زاخۆ و دهۆك، وەك خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران لەبزوتنەوەیەکی شورشگیرانەی بەکردەوەدا لەبەرامبەر حوکمی ئیسلامیدا رانەوەستاون، بەلام ئەمانیش پربەدل تورەن لەئیسلام وکارنامەیەك کە15 سالە تاوانەکانی بریتی‌بووە لەسەربرین و تیرۆرو تەقاندنەوە و فتوا و هوهاکیشان لەژنان و گیژکردنی لاوان بەخورافەی خودا و حوکمی ئیلاهی..

دووەمیان ئەوە دەسەلاتەکانی یەکیتی وپارتی و بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە کەسوجدە بۆئیسلام دەبەن و لەگەل حوکمی مەلاو ئاخوند و تیرۆریستان و شەریعەتدا، کەوتونەتە سات و سەداوە. بەلی لیرە "ئەمان" خەریکی پەلکیشکردنی ئیسلام و حوکمی خوان بۆسەر ژیانی خەلکی. لەمبارەوە قسەی زۆرهەیە بۆکردن:

دانانی پرسە بۆ "شوانە" لەشاری هەولیر لەلایەن حکومەتی پارتی و پیداهەلدان بەخەباتی "قارەمانانی کورد لەئیران" لەدەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی‌یەوە، هەرگیز هاوسۆزی ئەم حیزبانەو دەسەلاتەکەیان بۆ خەلکی کوردستانی ئیران وخەباتیك کەئیستا لەشارەکان بەدژی حوکمی ئیسلامی، بەریانن خستووە، ناسەلمینی بەلکو لەم کارەشیاندا درۆیەکی تر ئاشکرا دەبیت، درۆیەك کەپالیداوە بە هەلویستیکی دووفاقەوە لەبەرامبەر ئیسلام و رەوتەکانیدا.

یەکیتی وپارتی کەبەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیان بەئایاتی قورئان دەست پیدەکاو سەرانیان رۆژانە ووشەی "پیرۆزی ئاینی ئیسلام" لەزاریان دەباری ومەلا و شیخ و پەیرەوانی شەریعەتی خواش لەژورسەری دیوەخان و هۆلەکانی کۆبوونەوەیاندا دادەنین، چۆن دەتوانن هاوسۆزی خۆیان بۆ خەلکیك کەلەدژی حوکمی ئیسلام هاتۆتەمەیدانەوە بسەلیمینن؟ یەکیتی و پارتییەك کەدەسەتەو تاقمی ئینسان کوژی ئیسلامیان لەحکومەتەکانیاندا شەریك کردووە و زیاتر لەهەر دەولەتیکی ئیسلامی دوو وەزارەتی ئەوقانیان بۆدامەزاردوون و مانگانە لەداهاتی خەلکی پارە پولیان پیدەدری و ریان بۆ ئاوەلاکردوون تا لەدەزگاکانی راگەیاندنیانەوە فتوا دەرکەن و مزگەوتەکان بکەنە مۆلگەی هەلهینانی گەرای تیرۆریزم و جەهل و خورافە، کی دەتوانی هاوسۆزی ئەوان بەخەباتی خەلکی کوردستانی ئیران بەجدی وەربگری!.

لەمانەش زیاتر گەندەلی سیاسی و پالدانەوەی یەکتی وپارتی بە کۆنەپەرستی ئیسلامی‌یەوە بەتەواوی لەوەدا بەرجەستەیە کە بۆ مەرامی خویان و بەرژەوەندی بازارو سەرمایەو دەسەلاتیان دەستیان ناوەتە نیو دەستی دەستەو تاقمی کۆنەپەرستی ئیسلامی کەلەسەروبنەوە بەکۆماری ئیسلامی ئیران و دەزگای ئیتلاعات و پاسدارانی‌یەوە بەستراونەتەوە. ئیستا لەعیراق ئەوە یەکیتی وپارتی‌یە کە "سیستانی" یەکان و "باقر حەکیمەکان" و "صدری‌یەکان" و برادەرانی سووننی" بوونەتە هاوپەیمانی ئیستراتیژی لەریکخستنەوەی "عیراقی دیموکراتی و فیدرال" دا. تەنانەت ئەوە یەکیتی وپارتی یە کەلەپیناو

ئامانجی پوچی "فیدرالیزم" دا کەوتونەتە سەوداوە و خەریکن حوکمی ئیسلامی لەدەستوری عیراقدا جیگیردەکەن و شەریعەتی ئیسلامی دەکەنە بنەمای سەلماندنی مافەکانی ژنان و ئازادیەکانی خەلك!! و بەم پیەش خودی خەلکی کوردستان پەلکیشی ئیسلام و شەریعەت ودەسەلاتەکەی دەکەن، یانی پەلکیشی رژیمیکی دەکەن کە خەلکی کوردستانی ئیران هەرئیستا خویان لەبەرامبەریدا راگرتووە. ئایا دەکری حیزب و دەسەلاتیك لەوینەی یەکیتی وپارتی و حکومەتە کانیان بەلایەنگر و هاوسۆزی خەباتی خەلکیك کەلەدژی ئیسلام راپەریوون بەراستی وەربگیری، لەکاتیکدا خۆیان دەستیان ناوەتە ناوئیسلامەوە و قایلن بەحکومەتی ئیسلامی! بەراستی هیچ کەس هەیە پوچی و درۆی یەکیتی وپارتی لەو سیاسەتەدا نەسەلیمینی کاتیك ئەوان رازی بن بەحوکمی ئیسلامی و بوونی شەریعەتی ئیسلام بە سەرچاوەو بنەمایەك بۆدەستور و قانونیك کەژیانی خەلکی بندەستیانی پیبەریوەببری ولەولاشەوە پۆزی لایەنگری و هاوسۆزی بۆ خەباتی خەلکیك لیبدەن کەلەدژی ئیسلام راوەستاون و رووژانە قوربانی بۆدەدەن!!؟

بەلی لیرەش ئیسلام و حوکمی ئیسلامی کیشەی سەرەکیە. لیرەش ئەوە خەلکی شارەکانی کوردستانی عیراقە کەدەیانەویت ئیسلام و دەستدریژی و تاوانەکانی لەسەر ژیان و ئەمنیەت و مافەکانیان هەلگیری. بەلام ئەوە یەکیتی وپارتی و دەسەلاتەکەیانە ریگەگری ئەم خواستەی خەلکن. ئەوە "ئەوانن" سات و سەودا بەراگرتنی ئیسلام و حکومەتی ئیسلامیەوە دەکەن.

بەلام لەنیوان "ئەوان" لەودیو و" ئیمەی" ئەم دیوی ژیر دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد هیشتا زۆر راستی تر ماوە کە جیگای ئاماژە بۆکردن بیت، سەرەکیترینیان ئەوەیەکە:

" ئەوان" یانی خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران کەچاویان بریوەتە شورشی داهاتووی ئیران وپشتیان بەخەباتی شورشگیرانەی خۆیان بەستووە و دەستیان لەنیو خەلکی شورشگیری سەراسەری ئیران ناوە، و خەبەریکیان لەبرادەرانی "سوونە و شیعە" نیە وئەمریکاش وەك "فریشەی نەجات" حسابی بۆنەکراوە، ئەتوانن نمونەی ئالوگۆریکی گەرورەی کۆمەلایەتی پیشکەش بکەن.

بەلام "ئەمان" یانی یەکیتی وپارتی کەلەپشت گولە تۆپ و تانکەکانی ئەمریکاوە راوەستاون و خەریکی قایمکردنی هاوپەیمانیتی خۆیانن لەگەل دەستەو تاقمی ئیسلامی هەم لە کوردستان وهەم لەعیراق تەنها دەتوانن دۆراندنی هەرچی بەهاو حەیسیەتی ئینسانی وپرەنسیپی شۆرشگیریتیە وەك پەلەیەکی رەش لەم میژووەدا بۆخویان تۆماربکەن ونەهیچیتر.. ئەمە ئەو میژووەیە کەخەلکی کوردستان "لەم دیوو ئەو دیوو" سیاسەت و کارنامەی جیاوازی تیدا تەجروبەدەکەن.. بەلام ماوە بلیم:

خەباتی ئیستای خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران سەنگەریکە لەبزوتنەوەیەکی شۆرشگیرانە بۆسەرنگونی جمهوری ئیسلامی لەئیران. ئەم خەباتەو ئەم سەنگەرە بەتوندی دژی ئیسلام و حکومی ئیسلامیە. سەرکەوتنی نەك هەر هاوکیشە سیاسیەکان و بنەما ئایدۆلۆژی و فکری و ئەخلاقییەکان لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، بەقازانجی سکولاریزم و مۆدیرنیزم دەگۆری، بەلکو ریگانادات بەهیچ مەلا و ئاخوند و مزگەوت و دەستە وتاقمیکی ئیسلامی بەئاسانی لەبەرامبەرخەلکدا سەردەربهینن ... لەبەرامبەر داهاتوویەکی ئاواشدا دەبی لەئیستاوە یەکیتی وپارتی و دەسەلاتەکانیان لەخۆیان بپرسن کە کەلەئاکامی سیاسەتیکدا کەلەبەرامبەر ئیسلام دا گرتیانەبەر، چارەنوسیان بەدەست خەلکی شارەکانی کوردستانی عیراقەوە چی لیبەسەردیت؟

**2005/8/5**